www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:35 17-11-2005

# کۆتایی تیرۆریستەکان لە عێراقە ... ستیڤان شەمزینانی



شتێکی دیارە ئاشکرایە جەمسەری تیرۆری نێودەوڵەتی کە خۆی لە ئیسلامی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی و رێکخراوی ئەلقاعیدە بەتایبەتی دەبینێتەوە، ئاگری جەنگێکی کوێرانەیان لەگەڵ دنیای شارستانێتیو مۆدێرن هەڵگیرساندووە، لەم جەنگەدا کە جەنگێکی گەرم و پڕ توندو تیژیو داپڵۆسینە، ئیسلامگەرای سیاسی خوازیارە بەگالیسکەو شمشێری زەمەنی پێغەمبەر (محمد) هەموو دەسکەوتە پۆزەتیڤەکانی دنیای ئەمڕۆ چ لەلایەنی مەعنەوییەوە چ لەلایەنی بەرجەستەوە وێران بکات و لە جێگەیدا دنیایەکی میسالی لە قاڵب دراو بە عەقڵیەت و بەرنامەکەیان جێگیر بکەن.

لەو کاتەوەی کەباڵی عەقڵانی و ریفۆرمخوازی نێو ئیسلام لەسەر دەستی باڵی سەلەفی شکست دەخوات، ئیدی کتێبی قورئان و پەیامی ئیسلام دەبێتە میتۆدو پلاتفۆرمی هێزێکی چەکداری وێرانکار کە تا ئەوپەڕی وەحشیەتگەرایەتی دوژمنایەتی خۆیان لە بەرامبەر ئازادیو مرۆڤ و ژیانی مۆدێرن ڕادەگەیەنن و کۆشش بۆ لەناوبردنی دەکەن.

هەر لە یەکەم ساتەوە گروپی برایانی (اخوان المسلمین) هاتن بۆ گێڕانەوەی چەرخی رۆژگار ڕەوڕەوەی پێشەکەوتنی جیهان بۆ سەردەمی (بەرائەتی) خەلیفەکان کە بە بڕوای (سید قگب) ی تیۆرسیۆنی ئیسلامگەرایی جیهادی نەتەوەیەکی قورئانی بی وێنەبوون، کە لەلای ئەوان جگە لە قورئان هەر نامەیەکی تر بیەوێت ژیانی مرۆڤ ئاراستە بکات نامەیەکی شەیتانی ڕەتکرایەوە، تێگەیشتن و خوێندنەوەی ئیسلام لەلای باڵی رادیکاڵی بەو جۆرەیە کە ئیسلام بە هەر نرخ و شێوەو جۆرێکە بکرێتە دین و رێسای ژیانی سەرجەم کۆمەڵی مرۆڤایەتیو بۆ ئەو مەبەستەش لەبەر تەنگە نەفسیو ڕەهابوون و دۆگمابوونیان لەنێو کەلەپوری قورئان و ئیسلامدا ڕێگا بە خۆیان دەدەن لە بەرکارهێنانی کوشتن و لەناوبردن و وێران کردن تا جێکەوتەی پەیامەکەی خۆیان بکەن، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو قاعیدە شەرعیەی کە دەڵی (الغایە لاتبرر الوسیلە) کە ئەوان کتومت بە پێچەوانەی ئەم یاسایە هەنگاو دەنێن.

ئەمڕۆش عێراق یەکێکە لە مەڵبەندە لەبارو سەرەکیو بنەڕەتییەکانی جموجۆڵ و مانۆڕی خۆ تەقاندنەوەو کوشتن و تیرۆر بە هەموو جۆرەکانییەوە لەلایەن ئیسلامگەرانی جیهادییەوە، دەبینین هەرچی تیرۆریستانی دنیایە لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا کە تا چەند ساڵ لەمەوبەر لەژێر چەتری تاڵیبان و ئوسامەو مەلا عومەردا کۆببوونەوەو لە ئەفغانستاندا تەراتێنیان کردو هەڕەشەیان لە جیهانی شارستانی دەکرد، مەرکەزی کردەوەو جموجۆڵە تیرۆریستیەکانی خۆیان گواستۆتەوە بۆ عێراق ئەو وڵاتەیان کردووە بەجێگەی یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی ئیسلامگەرای جیهادی لە دنیادا.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەستی دەزگاکانی هەواڵگیریی و ڕاگەیاندنەکان دەکەون ئەو تیرۆریستانەی کە دوای کوشتنیان یان لەکاتی دەستگیرکردنیاندا ناسنامەکانیان

ئاشكرابووە، دەركەوتووە خەڵكی هەموو دنیای عەرەبی لە كەنەداوەوە بۆ ئۆقیانووس بەشی زۆرینەی ئەو تیرۆریستانەیان پێك هێناوە، بێجگە لە هێنان و سنوور بەزاندنی دەیان تۆڕو هەزاران كەسایەتی تیرۆریستی لە ئاسیای نێوین و باكوری ئەفەریقاو تەنانەت لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا.

بوونی (ئەبو مصعب زەرقاوی) وەك سەركردەیەكی تیرۆری نێودەوڵەتی و سەفیری تیرۆریستەكانی جیهان لە عێراقدا كە ڕاستەوخۆ سەرپەشتی كردەوە تیرۆریستییەكانی نێو عێراق دەكات بەڵگەی ئەوەیە كە ئەو جەمسەرەی تیرۆر قورسایی خۆی خستۆتە سەر عێراق. بۆیە جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوەو پێك هەڵپرژانی تیرۆریستەكان لەلایەك و عێراقییەكان و سوپای هاوپەیمانان لەلایەكی تر چەند دەقیقەیەكی چارەنوسسازن بە نیسبەت هەرلایەكەوە.

ئەگەر جەمسەری تیرۆری نێودەوڵەتی سەركەوتن بەدەست بهێنن پاشەڕۆی عێراق مەحكومە بە ئەفغانستانی سەردەمی تاڵیبان هاوكات شكست هێنانی پرۆژەی دیموكراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی ئەو پرۆژەیەی كە ئەمریكا ناوی لێناوە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، بە پێچەوانەوەشەوە ئەگەر هاوپەیمانان و عێراقییەكان توانیان سەركەوتن بەسەر تیرۆریستەكاندا بهێنن، ئەوا بەشێك لە پرۆژەی دیموكراتیەت كە هاوپەیمانان نەخشەیان بۆ كێشاوە لەسەركەوتن نزیك دەبێتەوەو هەرواش دەروازە دەكاتەوە لەبەردەم پرۆژەی دیموكراتیزە كردنی ناوچەكەداو كۆتایی بە تیرۆریستەكان دێت یان ئەگەر بتوانن بە شێوەیەكی دابڕاو و پەرتەوازە بمێننەوە ئەوا بوونێكی لاوازیان دەبیو ناتوانن بەو شێوە بەرچاوەی ئەمێستا ببنە مەترسی و هەڕەشە بۆ دنیای شارستانی ئەمڕۆ.
بۆیە دەتوانین وایدابنێین كە: كۆتایی تیرۆرستەكان لە عێراقە.

Shamzini79@hotmail. com